# دەستدرێژی سێکسی ئەکەنە سەر (کچ)ەکە یان و پاشان تۆماری دەکەن

وەرگێڕانی لە سویدیەوە بۆ کوردی
ئەحمەد تازەدێیی-سوید



باوکی فیلمی لە سەر تۆمار دەکات و دایکی دەستدرێژی جنسی لە گەڵ دەکات. باوکی بەوە تاوانبار کراوە بە کامیرا فیلمی لەسەر تۆمار کردوە و دایکی دەستدرێژی سێکسی لە گەڵ (کچە) منداڵەکەیدا کردووە.
ئەم دەستدرێژیکردنە, چەندین ساڵ دەخایەنێت. مەترسیدارە بۆ هەردووکیان, باوکی تەمەنی چلوو دوو ساڵ و هەروەها دایکی سی و چوار ساڵە,لە ئەنجامدا زیندانێکی درێژخایەن پاداشتیانە.
هەدوو (جووتە), ساڵی پێشوو لە شاری (مالمێۆ) لەیەك جیا دەبنەوە. دەعوا لە سەریان قەیدکراوە, گومان بەوە دەکرێت, تاوانی گەورەی (سێکسی) و دەستدرێژیکردنە سەر کچەکەیان ئەنجام دابێت. باوکی کە تەمەنی چلو دووساڵە, ئەو تاوانباری سەرەکییە, گوومان دەکرێت کەڵکی لەو دەستدرێژیکردنە سەر (منداڵ)ەی, وەرگرتبێت. ماوەی ئەنجامدانی ئەم تاوانکاریە دەگەڕێتەوە بۆ مانگی ئەپرلی, دوو هەزارو یەك, تاوەکو مانگی ئەپرلی دوو هەزارو شەش.
کچەکەیان ئەمڕۆ تەمەنی لە ناو دە (10) ساڵدایە.

## فیلمی تۆمار کردوو

زستانی (دووهەزارو سێ), لە شاری (مالمێۆ), دایکی دەستدرێژی (سێکسی)و تاوانکاری ئەکاتە سەر کچەکەی لەو کاتەدا باوکی فیلمی لەسەر تۆمار کردووە. (دایکی) کە تەمەنی سی و چوارساڵە, بەهۆی ئەم کێشە سێکسیەوە لە دادگا دەعوای لەسەر تۆمارکراوە, وە گومان دەکرێت باوکی لەو بارو دۆخەدا کەڵکی وەرگرتووە وێنەی رووتی کچەکەی گرتبێت و لە پاشاندا فیلمی سێکسی لەسەر تۆمار کردووە.
بە پێی ووتە بێژی دادگای کۆمەڵایەتی (یەننی ۆلۆڤ سسۆن) باوکی ئینکاری ئەم دەستدرێژییە دەکات و بە بوختان هەڵبەستنی دادەنێت, بەڵام ووتە بێژی دادگا باوکی بە تاوانباری سەرەکی دەزانێت, وە هەروەها دایکی دەڵێت, من هیچ تاوانکاریەکی بە ئەنقەستم نەکردوە.

## تاوانی قورس

بە پێی داواکاری گشتی (مودەعی عام), باوکی بەرپرسیارەو ئەنجامدانی ئەم تاوانە گەورەیە لە ئەستۆی دایە, چونکە بینویەتی, کە ئەوەی بووە بە قوربانی, تەمەنی زۆر بچوکە, هەروەها سکاڵاکار دەیسەلمێنێت کە بەتایبەتی باوکی, ڕەچاوی یاسای نەکردووە.
دایکی شکایەتی لە باوکی کردووە, چونکە لە کاتی ئەنجامدانی دەستدرێژیەکاندا وەك ئاگای لە خۆی نەبوبێت و دووچاری لە بیرکردنەوە بووە.
بە پێی ڕاگەیاندنی (s.e) دایکی دەڵێت؛ من هیچم بە بیرنایە. دەبێت مادەی بێهۆشیم پێدرابێت. هەروەها پارێزەری دایکی (لارش ئێدمان) بەم ڕووداوە دڵی داخورپا. دەڵێت: ئەو نەئاگای لە فیلم بووەو نە لەم ڕووداوە, ئەو تا ماوەیەك کەسێکی زۆر سەیرو سوڕهێنەر بووە,کە بە s.e ڕاگەیاندووە.
بەڵام بە پێی ووتەی پزیشکێکی پسپۆڕ و لێزان, ئەوە لە ڕاستیەوە دوورە کە( دایکی), لە کاتەدا مادەی بێهۆشکەری پێ درابێت.

## (50), پە نجا وێنەی ڕووتی منداڵ

داواکاری گشتی (مودەعی عام), پە نجا وێنەی ڕووتی تێکەڵی منداڵی وەکو بەڵگە بەدەستەوەیە, کە پۆلیس لە کاتی پشکنی خانۆکەیاندا لە ناو دۆڵابێکی داخراودا پەنجا وێنەی ڕووتی منداڵانیان دۆزێتەوە. هەروەها دەستیان بەسەر فیلمێکی ڕووتدا

**گرتووە، لەوێدا دەردەکەوێت کە چۆن (دایك) و (باوکی)، خۆیان لە کچەکە نزیك دەکەنەوەو گفتوگۆی ئەوە دەکەن دەستدرێژی سێکسی بکەنە سەر کچەکەیان.**
**هەردوو (جووتە)، جگە لەو کچە، کچێکی تریان هەیە کە یەك ساڵی پڕنەکردۆتەوە، ئێستا دایکی بە شێوەیەکی کاتی لە گەڵ هەردوو کچەکەی پێکەوە دەژین.**

**سەرچاوە**


1-

http://www.aftonbladet.se/vss/malmo/story/0,2789,926974,00.html

www.aftonbladet.se